# پلانی چوارچێوەی شیعی بۆ قۆناغی پاش هەڵبژاردنی پارێزگاکان

**یاسین تەها**، خوێندکاری دکتۆرا لە مێژووی ئایین و ئایینزاکان، هەروەها شارەزا لە کاروباری عێراق

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە 18ی دیسەمبەری 2023، باڵادەستیی لایەنەکانی نێو چوارچێوەی شیعی بەسەر نوێنەرایەتی و کورسیی ئەنجومەنە خوجێییەکانی پارێزگاکان یەکلایی کردەوە. ئەم پێشهاتەیش کە لە دوای کۆنترۆڵکردنی حکوومەتی فیدراڵی دێت، دەسپێکی قۆناغێکی نوێیە لە حوکمڕانیی ئەم هاوپەندییە شیعییە لە عێراق، پاش کشانەوەی سەدر لە پەرلەمان و حکوومەت و بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی پارێزگاکان. ئەم شرۆڤەیە هەوڵ دەدات لەسەر دیارترین هەنگاو و پلانەکانی چوارچێوەی شیعی بۆ قۆناغی پاش هەڵبژاردن هەڵوێستە بکات.

### تەرازووی نوێی هێز لەنێو چوارچێوەی شیعی

بەپێی زانیارییە فەرمییەکانی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن، لە کۆی 16 ملیۆن و 100 هەزار کەس کە مافی دەنگدانیان لە 15 پارێزگای عێراق هەبووە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان؛ شەش ملیۆن و 599 هەزار کەس بەشدارییان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا کردووە کە بە پێوەری کۆمیسیۆن ڕێژەی بەشداری، 41% دەکات و بە پێوەری چاودێرانیش لە نێوان 26_ 28%دایە[1]؛ بەپێی ئەنجامە کۆتاییەکانی پرۆسەکەیش، دەنگی گرنگترین هاوپەیمانییە شیعەکان کە پاش هەڵبژاردن گەڕانەوە بۆ ژێر چەتری "چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعی" لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوور بەم شێوەی خوارەوەیە:

_ **هاوپەیمانیی "نبني"** بە سەرۆکایەتیی هادی عامری کە چەتری کۆکەرەوەی گرووپە شیعە چەکدارەکانە و نزیکترینە لە ئێران بەراورد بە هاوتاکانیان، لە پەپلەی یەکەمدا هات. ئەم هاوپەیمانییە لە 10 پارێزگا (بەغدا، بەسرە، دیوانیە، موسەننا، نەجەف، بابل، زیقار، کەربەلا، میسان، واست) نزیکەی 616 هەزار دەنگی بەدەست هێناوە. بەمەیش لە کۆی گشتی، بووەتە خاوەن 43 کورسی لە ئەنجومەنی پارێزگاکان.

_ لە وردەکاریی دەنگەکانی هاوپەیمانیی "نبني"، لیستی "الصادقون"ی بزووتنەوەی عەسائیبی قەیس خەزعەلی، 184 هەزار دەنگی بەدەست هێناوە و بەرامبەر بووە بە 12 کورسیی پارێزگاکان؛ بە دوای ئەویشدا لە ژمارەی دەنگ، "ڕێکخراوی بەدر"ی هادی عامرییە کە 121 هەزار دەنگی بەدەست هێناوە و بەرامبەر بووە بە 13 کورسی. ئەو هێزە نوێیەیشی لەم هاوپەیمانییە کە هەڵکشاوە، لیستی "خدمات"ی ئەحمەد ئەلئەسەدی وەزیری کاری ئێستایە کە سەرکردەیەکی حەشد بووە و زیاتر لە 120 هەزار دەنگی بەدەست هێناوە؛ بەمەیش بووەتە خاوەن 11 کورسی. چوارەمی لیستەکەیش "العقد الوطني"ی فالح فەیازی هەیئەی حەشدە کە بە زیاتر لە 80 هەزار دەنگ، 5 کورسیی بەرکەوتووە. کۆتا براوەکانی کورسی لەم هاوپەیمانییەیش "الصدق والعطاء"ی شیعییە کە زیاتر لە 47 هەزار دەنگی هەبووە و دوو کورسیی بردووە. جگە لەمانەیش پێکهاتەکانی تری هاوپەیمانییەکە کە شەش ڕێکخراوی سیاسیی شیعین، نەبوونەتە خاوەن هیچ کورسییەک؛ دیارترینیشیان "إرادة"ی "حەنان فەتلاوی"یە کە دەوروبەری 11 هەزار دەنگی بەدەست

هێناوە[2].

_ **هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا** بە سەرۆکایەتیی نووری مالیکی، پلەی دووەمی بەدەست هێناوە لە هەڵبژاردن بە زیاتر لە 576 هەزار دەنگ کە دواتر یەکسان بوو بە 35 کورسی. ئەوەیشی جێگەی سەرنجە، لە بەغدای پایتەخت پلەی یەکەمی بەدەست هێنا بە زیاتر لە 144 هەزار دەنگ و 9 کورسی. هەرچەندە ئەم هاوپەیمانییەیش 12 هێز و حزبی تێدایە بەڵام چەق و سەنتەرەکەی، حزبی دەعوە و نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووترە و لە سەرجەم هەڵبژاردنەکاندا هەر بەم ناونیشانە بەشداری دەکات[3].

_ **هاوپەیمانیی "هێزەکانی دەوڵەت"**ی حەکیم و عەبادی: ئەم هاوپەیمانییە کە بە سەرۆکایەتیی "عەممار حەکیم"ە و 371 هەزار دەنگی بەدەست هێناوە کە بەرامبەر 24 کورسییە، پلەی سێیەمیشی بەدەست هێناوە. ئەوەیشی جێگەی سەرنجە، لە پارێزگای بەسرە 34 هەزار دەنگ (1 کورسی) و لە بەغدا 75 هەزار دەنگ (5 کورسی)ی بەدەست هێناوە[4]. ئەم دوو شارەیش گرنگی و سەنگ و قورساییی سیاسی و ئابووریی خۆیان هەیە.

**ئاماژەکانی ئەنجامەکانی چوارچێوەی شیعی**

لەبەر ڕۆشناییی ئەنجامەکانی هێزەکانی نێو چوارچێوەی شیعیی حوکمڕان کە بنکەی سیاسیی حکوومەتی ئێستای محەممەد شیاع سوودانی پێك دەهێنن، دەکرێت چەند پێدراوێك ئاماژەیان پێ بکرێت:

_ **پێشڕەویی هاوپەیمانیی "نبني"** و بەدەستهێنانی پلەی یەکەم چاوەڕوانکراو بوو، بەهۆی ئەوەی هێزە سەرەکییەکانی شیعە لەخۆ دەگرێت کە باڵی چەکدار و دەنگدەری جێگیریان هەیە و، ژمارەیەکی زۆر لە خێزانی قوربانییەکانی جەنگی دژەداعشیان پێوە پەیوەستە. بەپێی ئامارە بەردەستەکانیش ژمارەی سوودمەندانی حەشد کە بنکەی ئەم هێزەن، 200 هەزار کەسە.

_ **لەناو هاوپەیمانیی "نبني"** لەم هەڵبژاردنە ڕێکخراوی بەدر پێش عەسائیب کەوت و هاوسەنگیی گێڕایەوە بۆ هاوپەیمانییەکەی نێوانیان، بەراورد بە پاشەکشەی زۆری ئەم ڕێکخراوە لە هەڵبژاردنی 2021 لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی فەتح. ئەمەیش دەرەنجامێکی نوێیە.

_ **حەکیم و عەبادی** بڕێکی زۆر لە سەنگ و قورساییی لەدەستچوویان گێڕایەوە بەراورد بە هەڵبژاردنی 2021 کە تەنیا 4 کورسییان لە ئەنجومەنی نوێنەران بەدەست هێنا؛ بەڵام کێشەی ئەم هاوپەیمانییە ئەوەیە، لە بەغدا و بەسرە لاوازە و کورسییەکانیشی پەرشوبڵاون.

_ مالیکی پلەی یەکەمی بەدەست نەهێنا بەپێی چاوەڕوانیی هاوپەیمانییەکەی لەو بۆشاییەی سەدر بۆ هێزە شیعەکان بەجێی هێشت، هەروەها پارێزگای کەربەلاشی لەدەست دا لە کاتێکدا بنکەی جەماوەریی ئەم لیستە بووە لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو؛ بەڵام بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی ئەم هاوپەیمانییە و دەنگدەرە جێگیرەکانی، لە پێشەنگی هێزە شیعەکاندا مایەوە، بەتایبەت یەکەمییەکەی لە بەغدا گرنگیی خۆی هەیە و مانادارە.

_ بەخشینەوە و پێگەی حکوومی، ڕۆڵی زۆری هەبوو لە هەڵکشانی لیستەکەی وەزیری کار "ئەحمەد

ئەلئەسەدی” کە سەرپەرشتیی تۆڕی چاودێریی کۆمەڵایەتی و کۆمەککردنی خەڵکانی بێکار دەکات.

## یەکگرتنی پاش هەڵبژاردن

باڵادەستیی هێزەکانی ناو چوارچێوەی شیعی بەسەر ئەنجومەنی پارێزگاکانی شیعەنشین و فرەچەشن، یەکێکە لە زەقترین دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنی کۆتاییی 2023؛ بەشێکی زۆر لە هۆکاری ئەمەیش، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی پلان بۆ پاش هەڵبژاردن، چونکە 12 لیستی سەر بە چوارچێوەکە، کە چواریان سەرەکی و براوە بوون، پاش هەڵبژاردن دیسانەوە هاوپەیمانییان پێك هێنایەوە. بەم هۆیەیشەوە ئێستا زیاتر لە نیوەی کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانیان بەدەستەوەیە. لە سایەی ئەم باڵادەستییەیشدا چاویان لە هەشت پۆستی پارێزگارە لە کۆی 15 پارێزگا، لەگەڵ هێشتنەوەی کۆمەڵێك پارێزگار لەژێر هەژموونی هاوپەیمانیی لیستەکانی چوارچێوەی شیعی. میکانیزمی نێوخۆیی چوارچێوەکەیش بۆ دابەشکردنی پۆستەکانی پارێزگار و ئەنجومەنەکان، زیاتر بەپێی خاڵە[5]. ئەمەیش هەمان میکانیزمی دابەشکردنی پۆستەکانی حکوومەتی فیدراڵییە لە خولەکانی ڕابردوو. هەروەها تەکنیکی دروستکردنی زۆرینەیش پاش هەڵبژاردن بۆ بەجێهێشتنی لیستە براوە و یەکەمەکان، دووبارەکردنەوەی هەمان تەکنیکی ساڵی 2010ی لیستە شیعەکانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەرکەوتنی “لیستی ئەلعێراقییە”ی “ئەیاد عەلاوی” کە 91 کورسیی بەدەست هێنا بەرامبەر 89 کورسیی دەوڵەتی یاسای مالیکی، بەڵام دواتر هاوپەیمانیی نیشتمانی (شیعی) 70 کورسیی تری خستە سەر کورسییەکانی مالیکی و بە یەکگرتنی پاش هەڵبژاردن، عەللاوی بوو بە دووەم[6]. ئەم کارەیش بە پاڵپشتیی بڕیارێکی مشتومڕهەڵگری دادگەی فیدراڵی کرا، کە ڕێگەی دا زۆرینە لە پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنیش پێك بهێنرێت (25/ اتحادية/ 2010).

## لەمپەرەکانی بەردەم چوارچێوەی شیعی

ڕاستە هێزە شیعەکان ئێستا زیاتر لە نیوەی کورسییەکانی پارێزگاکانیان بەدەستەوەیە، بەڵام باڵادەستبوونی زۆرینەی شیعی بەسەر پارێزگاکان، هەروا بێکێشە و ئاسان نییە، بەڵکوو هەندێك لەمپەری لەپێشە؛ لە لایەك گرێی پارێزگارە سەدرییەکان هەن (نەجەف و میسان و زیقار) کە نازانن چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن و، باس لەوە دەکرێت سوودانی داوای کردووە زیاتر لە پارێزگارێك بۆ سەدرییەکان بەجێ بهێڵرێت و لیستە شیعەکانیش بۆ ڕازیکردنی سەدر لارییان نییە[7]، جگە لە نووری مالیکی و قەیس خەزعەلی[8]. ئەمە لە کاتێکدا سەدرییەکان لە هەڵبژاردن بەشدار نەبوون و لە ئێستادا وەك دژێکی جۆریی چوارچێوەی شیعە دەردەکەون کە بڕوایان بە بەشداریکردنی پرۆسەی سیاسی نییە لەگەڵ هاوتا شیعەکانیان.

لە لاکەی تر ئەو پارێزگارانەی یەکەم بوون و لە پارێزگاکانی بەسرە و واست و کەربەلا زۆرینەی دەنگیان بەدەست هێناوە، بوونەتە لەمپەر لە بەردەم ئەوەی لیستەکانی چوارچێوەی شیعە بەبێ کێشە پۆستەکانی پارێزگار و سەرۆکی ئەنجومەن لەو پارێزگایانە لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن، چونکە لە بەسرە پارێزگارەکەی “ئەسعەد ئەلعیدانی” یەکەم دەنگی لەسەر ئاستی عێراق بەدەست هێناوە (164 هەزار)؛ لیستەکەیشی (تەسمیم) زیاتر لە 281 هەزار دەنگی بەدەست هێناوە لە کۆی 630 هەزار دەنگی دروستی نێو سندووقەکان. لە کەربەلاش پارێزگار “نەسیر خەتابی”، دووەم دەنگی عێراقە (63 هەزار)؛ لیستەکەیشی (ئیبداع) زیاتر لە 108 هەزار دەنگی لە کۆی زیاتر لە 229 هەزار دەنگدەری بەشداربوو لە هەڵبژاردنی پارێزگاکە بەدەست هێناوە[9]. لە بەسرە دەرفەتی بەجێهێشتنی ئەلعیدانی نییە (12 / 23 کورسی) و، لە

کەربەلاش هەروەها نەسیر خەتابی (7/ 13 کورسی)، بەڵام لە واست کورسییەکانی "واست ئەجمەل" (7/ 15 کورسی)یە و بە هاوپەیمانێتی دەکرێت بەجێ بهێڵرێت.

**مامەڵەی چوارچێوە لەگەڵ ڕکابەرەکانی**

پلانی هێزە شیعەکانی چوارچێوە بۆ سەرکەوتن بەسەر ڕکابەرەکەیان لە پارێزگاکان، پشت بە چەند میکانیزمێك دەبەستێت کە لە خولەکانی پێشوو لە پارێزگاکان و لە پێکهێنانی حکوومەتی فیدراڵییشدا تاقی کراونەتەوە. لە بەسرە، بۆ نموونە چوارچێوەی شیعە، لە ڕێگەی کۆمیسیۆنەوە لە پاش هەڵبژاردن براوەیەکی ئەنجومەنی بەسرەیان بە ناوی "فاهرام هایك" دوور خستەوە کە لە کۆتای مەسیحییەکانە بە پاساوی ئەوەی یاسای ڕیشەکێشکردنی بەعس دەیگرێتەوە[10]. ئەم پاڵێوراوە پێشتر مۆڵەتی پێ دراوە بەشداریی هەڵبژاردن بکات و بەبێ کێشە لە وردبینی دەرچووە، لە هەڵبژاردنیشدا 1375 دەنگی بەدەست هێناوە، بەڵام لە پاش هەڵبژاردن دۆسیەی "بەعسیبوون"ی ڕووبەڕوو کرایەوە و دوور خرایەوە لە بەرژەوەندیی کاندیدێکی بزووتنەوەی "بابلیون"ی ڕەیان کلدانی سەر بە چوارچێوەی شیعی کە تەنیا 180 دەنگی هەیە[11]. چەند ڕۆژێك پاش ئەوەیش ئەلعیدانی، براوەی یەکەمی بەسرە، لەسەر پێشێلکاریی هەڵمەتی هەڵبژاردن سزا درا؛ بە تۆمەتی دابەشکردنی زەوی لە سەروبەندی هەڵمەتی هەڵبژاردن و هەندێك سەرپێچیی تر، دۆسیەی یاسایی بۆ کرایەوە[12].

شان بە شانی ئەمەیش قسەوباسی زۆر لەبارەی هەوڵی کڕینی هەندێك لە براوەکانی هەڵبژاردن هەیە، بەتایبەت ئەوانەی لە چوارچێوەی کۆتای هەڵبژاردن سەرکەوتوون و ژمارەیان لە 15 پارێزگاکەی عێراق، 10 پاڵێوراوی براوەیە. ئەمانە پشت و پەنای وەهایان نییە و نوێنەرایەتیی کەمایەتییەکان دەکەن و نێچیرێکی ئاسانترن بۆ ئینتیماگۆڕین. هەر لەم نێوەیشدا هەندێك قسە هەن لەسەر ئەوەی نرخی هەر براوەیەکی ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە، چووەتە سەروو ملیۆنێك دۆلار بۆ ئەوەی بچنە ڕیزی چوارچێوەی شیعی. ئەوەیشی چاوی لەسەر پارێزگاکەیە و شەڕی لەسەر دەکات، زیاتر بزووتنەوەی عەسائیبی قەیس خەزعەلییە[13]؛ بەدیاریکراویش خوازیاری پۆستەکە، عودەی عەوادی پەرلەمانتاری عەسائیبە کە بەر لە هەڵبژاردن چووە کێشمەکێشی میدیاییەوە لەگەڵ ئەسعەد ئەلعیدانی، پارێزگاری شارەکە.

سەرباری ئەمانەیش پەناگەیەکی تری چوارچێوەی شیعی بۆ گەمارۆدانی ئەلعیدانی، پارێزگاری بەسرە، دادگەی فیدراڵییە و لەم نێوەندەیشدا داوای شرۆڤەی دادگاکە کراوە دەربارەی چەمکی زۆرینە و کەمینە[14]. باوەڕێکیش هەیە ئەنجامی هەوڵی چوارچێوە لە دادگە لە بەرژەوەندیی لایەنە شیعەکان دەبێت و ئەلعیدانی ناچارە دەستبەرداری پۆستی پارێزگار ببێت، یان بەهۆی گەمارۆدانییەوە دۆخەکەی وا دەخوازێت خۆی یەکلایی بکاتەوە بۆ سەرۆکایەتیکردنی لیستەکەی (12 کورسی) لەناو ئەنجومەنی پارێزگا[15].

**گرێی بەغدا و دەرکەوتنەوەی مالیکی**

هەرچەندە ئەنجامەکانی هاوپەیمانییەکەی مالیکی لە ئاستی چاوەڕوانی و پێشبینییەکاندا نەبوو، بەڵام لە بەغدا بوونە هۆی دەرکەوتنەوەی بەهێزی مالیکی لە حکوومەتی خۆجێیی پایتەخت کە دەوروبەری 9 ملیۆن کەس دانیشتووانی هەیە. بەپێی ئەو زانیارییانەیشی لە گفتوگۆ نێوخۆییەکانی چوارچێوەی شیعییەوە دزەیان کردووە، نووری، چاوی لەسەر ئەوەیە لیستەکەی پارێزگاری بەغدا و شیعەکانی تریش سەرۆکی

ئەنجومەنەکەیش ببەن. ئەم پێداگرییەیش بە دوای ئەوەدا دێت لیستەکەی لە بەغدا لە کۆی 879 هەزار دەنگی دروستی بازنەی پایتەخت، 144 هەزار دەنگ و 9 کورسیی بەدەست هێناوە؛ براوەی دووەمی شیعەیش "نبني"ی هادی عامری و خەزعەلی 142 هەزار دەنگ و 9 کورسییان هەیە. ئەمەیش ئەگەر بچێتە سەر، پێچەوانەیە لەگەڵ عورفی سیاسی و پرەنسیپی سازان، چونکە سەرۆکی ئەنجومەنەکە لە پاش 2003 هەمیشە بۆ پێکهاتەی سوننە بووە.

پاساوی هەندێک لە لیستە شیعەکان بۆ وەرگرتنی پارێزگار و سەرۆکی ئەنجومەنی بەغدایش ئەوەیە، لە کۆی 49 کورسیی تەرخانکراو بۆ ڕکابەری لە ئەنجومەنەکە، ئەوان 26_30 کورسییان بردووە. بەم پێیەیش چیتر سازانیان پێویست نییە و زۆرینەن. هەندێکی تریشیان ڕایان جیایە و پاراستنی سازانیان پێ باشە[16]، چونکە لیستە سوننەکانیش ڕێژەیەکی بەرچاو دەنگ و کورسییان لە پایتەخت هەیە؛ بۆ نموونە: "تەقەدوم"ی حەلبووسی 140 هەزار دەنگ و 8 کورسی، "سیادە"ی خەنجەر 74 هەزار دەنگ و 4 کورسی، "عەزمی عێراق" 62 هەزار و 4 کورسی، "حەسمی وەتەنی" 43 هەزار دەنگ و 3 کورسی. کۆی گشتیی کورسییە سوننەکانیش لە پایتەخت دەکاتە 19 کورسی لە کۆی 49 کورسیی تەرخانکراو بۆ کێبرکێ[17]. بەپێی سیستەمی باوی تەوافوقیش ئەم ئەنجامانەی هێزە سوننەکان ڕێژەیەکی باشە، چونکە دەکاتە نزیکەی 40%ی دەنگ و کورسییەکانی بەغدا.

### ناکۆکییە نێوخۆییەکانی چوارچێوەی شیعی

بەپێی ئەو زانیارییانەی بەردەستن،ی چوارچێوەی شیعی بەنیازن پێکهێنانی حکوومەتە خۆجێییەکان بکەن بە یەک پاکێج، هەروەها بڕیاریشیان ئەوەیە سەرجەم پارێزگارەکان بگۆڕن بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی هەندێکیان دەنگی زۆریان بەدەست هێناوە[18]. بەهۆی ئەوەیشی ساڵی ئاییندە بڕیارە هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمان لە عێراق ئەنجام بدرێت،ی دابەشکردنی پۆستەکانی ئێستا و پشک و بەرکەوتەکان کاریگەریی لەسەر ئەو وێستگەیەیش هەیە. ڕێککەوتن لەسەر دابەشکارییە نێوخۆییەکانی شیعە قورستر بووە؛ بۆ ئەو مەبەستەیش بەشێک لەو ناوانەی دەخرێنە ڕوو بۆ پۆستی پارێزگار، یان پەرلەمانتار یان وەزیری پێشوون؛ ئامانج لەمەیش پێویستییە بە کەسایەتیی دەرکەوتوو و خاوەن پێگە. بۆ چارەسەری ناکۆکییەکانیش چوارچێوەی شیعە پەنا بۆ هاوپەیمانێتیی سیاسی دەبات[19]، بەتایبەت هەندێک لایەنی ناو چوارچێوەی شیعی لەگەڵ بەشدارکردنی هەموو براوەکاندان لە پۆستەکان[20]. سەرباری ئەمەیش هێشتا درز و کەلێنی ناکۆکی هەر دەمێنن، بەتایبەت لە بەغدا. باوەڕێکی زاڵیش هەیە کە لایەنە شیعەکانی چوارچێوە، ئاسوودە نین لەوەی بزووتنەوەی عەسائیب پارێزگاری بەسرە ببات کە پایتەختی ئابووریی عێراقە و سنووری لەگەڵ کوێت و ئێران هەیە و لەسەر کەنداوی عەرەبییە؛ ئەم شارە جگە لە داهات و دەرامەتی نەوت و سنوورە ئاوی و وشکانییەکان، پێگەیەکی جیۆسیاسیی گرنگیشی هەیە. هاوکات لەگەڵ ئەمەیشدا پێدراوە سیاسییەکان باس لەوە دەکەن، لەسەر ئاستی گشتی هەندێک لە لایەنەکانی چوارچێوەی شیعی، بێزارن لە خۆسەپاندنی مالیکی بەسەر بڕیاری چوارچێوەکە و بەسەر حکوومەتی سوودانییشدا؛ بەو پێیەی خۆی وا دەبینێت خاوەن ئەزموونترە لە ئەو. بەپێی ئەم دزەپێکردنانەیش درز و کەلێنی چوارچێوەی شیعی لە قۆناغی داهاتوودا زیاتر دەردەکەوێت، بەتایبەت کە کار گەیشتە سەر دابەشکردنی کێکی پارێزگاکان بەسەر براوەکانی هەڵبژاردن لەناو هێزە شیعە براوەکان[21].

### لێکەوتەی هەنگاوەکانی چوارچێوە لەسەر ڕەوشی عێراق

خواستی چوارچێوەی شیعی بۆ کۆنترۆڵکردنی پارێزگاکان لەسەر ئاستی جیاجیا لێکەوتەی جۆراوجۆرای دەبێت، کە دەکرێت بەم جۆرە ئاماژەی پێ بکرێت:

**لەسەر ئاستی شیعی:** ئەنجامەکانی هەڵبژاردن یارمەتیدەری چوارچێوەی شیعی دەبێت بۆ پەراوێزخستنی ڕکابەرە سەرەکییەکەیان کە "سەدر"ە لە مەودای کورت و ناوەڕاستدا، بە مەرجێك پێشهاتی نوێ نەیەتە پێشەوە. هەروەها ئەم باڵادەستییە دەبێتە هۆی ئەوەی بڕیاری شیعی زیاتر لەدەستی چوارچێوەکەدا کورت ببێتەوە؛ ئەمە جگە لەوەی گوژمە تەرخانکراوەکانی بوودجە دەکەوێتە بەرەست هێزە شیعەکان لە پارێزگاکان و، دەتوانن بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنی ساڵی داهاتوو کەڵکی لێ وەرگرن. هەروەها ئەم بارودۆخە زیاتر هاندەری مالیکی دەبێت بۆ ئەوەی هەوڵی گێڕانەوەی پێگەی جارانی بدات، بەتایبەت کە پەرلەمانتار عەبدولکازم جبووری لە لیستی مالیکی، نەیشاردۆتەوە کە "مالیکی خولیای ئەوەی ئەوەی هەیە جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ سەر کورسیی سەرۆکایەتیی وەزیران لە ڕێگەی هەڵبژاردنی 2025."[22]

**لەسەر ئاستی سوننە:** چوارچێوەی شیعی لەناو هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت لە ڕووی یاسایی و عورفییەوە، ناچارن مامەڵە لەگەڵ حەلبووسی و لیستەکەی (تەقەدوم) بکەن؛ بەو پێیەی ژمارەی یەکەمی لیستە سوننەکان بوو لە ئەنبار و بەغدا و، لە تێکڕای ئەو شەش پارێزگایەی بەشداریی تێدا کردووە زیاتر لە 500 هەزار دەنگی بەدەست هێناوە کە هاوتایە لەگەڵ 21 کورسی، ئەمە لە کاتێکدا بەر لە هەڵبژاردن ناوبراو لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان دوور خرایەوە و حزبەکەیشی خرایە ژێر لێپێچینەوەی یاسایی. نزیکترین ڕکابەری ئەویش کە دۆستی هێزە شیعەکانە، عەزمی "موسەننا سامەڕایی"یە کە نیوەی حەلبووسی دەنگی هەیە (255 هەزار) و کەمتریش لە نیوەی لیستەکەی ئەو کورسیی هەیە (10 کورسی). بەڵام گومان و دڕدۆنگیی زۆر هەیە چوارچێوەی شیعی ئەمە بکەن؛ بەتایبەت هەندێك ناوەندی پەرلەمانی نایشارنەوە پاش هەڵبژاردن قۆناغی پەراوێزخستن و دوورخستنەوە دەستی پێ کردووە[23]. ئەگەر ئەمەیش وابێت قەیرانی سیاسی زیاتر قووڵ دەبێتەوە و ئاییندەی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت دەکەوێتە ژێر پرسیار کە بنکەی فراوان و دووەمی حکوومەتی سوودانییە لە پاش بازنەی چوارچێوەی شیعی.

**لەسەر ئاستی نیشتمانی:** دیموکراسییەتی سازان (التوافقية) لە بەردەم دووڕیانێکی یەکلاکەرەوەدایە ئەگەر هات و چوارچێوەی شیعی میکانیزمەکانی کۆمیسیۆن و دادگە بەکار بهێنن بۆ دوورخستنەوەی ڕکابەرەکانیان و خۆیان بەپێی لێکدانەوە و پاساوی خۆیان پۆستی پارێزگارەکان و ئەنجومەنی پارێزگاکان یەکلایی بکەنەوە؛ بەتایبەت پاش ئەوەی هاوتای "سوننەی مالیکی" لەنێو هێزە مەدەنییەکانیش پشتیوانیی هاوپەیمانییەکیان بە ناوی "الأساس" کرد بە سەرۆکایەتیی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و، هەمان گوتار و دروشمەکانی هاوپەیمانیی "قیم"ی بەکار دەهێنا و سەرەنجامیش 150 هەزار دەنگ و هەشت کورسیی بەدەست هێنا لە پرۆسەکە، ئەمە لە کاتێکدا سەرۆکی هاوپەیمانییەکە "محسن المندلاوي" کە کوردێکی فەیلییە و جێگری سەرۆکی پەرلەمانە، لە هەڵبژاردنی 2021 پێنج هەزار دەنگی هەبوو. بەم پێیەیش گومانێك هەیە کە هێزە شیعەکانی نێو چوارچێوە لە ڕێگەی جێگرەوە و کۆپییەوە هەوڵی تێپەڕاندنی فیگەرە سیاسییە سوننی و مەدەنییەکان بدەن؛ ئەمەیش لێکەوتەی لەسەر مامەڵەکردنیان لەگەڵ کورد دەبێت.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**


[1] https://2u.pw/cqEYYwu ، https://2u.pw/aVON671

https://2u.pw/BOjvjaG [2]

https://2u.pw/rYHl3AC [3]

https://2u.pw/Nd43c3c  https://2u.pw/AEmLGBm [4]

https://2u.pw/vFPauMT [5]

https://2u.pw/1a5Mhd [6]

https://2u.pw/Gqa4Pzv  https://2u.pw/SPVZMCz [7]

https://2u.pw/o6F6IEy [8]

https://2u.pw/IS9k1np [9]

https://2u.pw/TKpBelS [10]

https://2u.pw/xw2zGxy [11]

https://2u.pw/75UwRYw [12]

https://2u.pw/xw2zGxy [13]

https://2u.pw/vFPauMT [14]

[https://2u.pw/mS0URXB[15

https://2u.pw/vFPauMT [16]

https://2u.pw/IS9k1np [17]

https://2u.pw/UjSj4Eo [18]

https://2u.pw/90iGaXp [19]

https://2u.pw/ZZORjAv [20]

[https://2u.pw/1f7ZrUd[21

https://2u.pw/jW0jOOv [22]

https://2u.pw/Z4H4kTv [23]